کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 24-5-2007 1:44

## تاڵەبانی بەرەو ئەمریکا بارزانی بەرەو بەغداد.. دەچن ... چیمەن محمد محمد

پیاوانی سیاسی زۆر کەم جار جانتایان بە ئارەزووی خۆیان پێچاوەتەوە هەمیشە زەروورەت وای کردووە کە سەفەری ئەم شارو ئەو وولات بکەن تابتوانن لە بەرژەندیەکان نزیک ببنەوە یان بەرژەوەندیەکان ڕێك بخەن چونکە لەئاسانترین پێناسی یاریەکانی سیاسەت پاراستنی بەرژەوەندیەکان و دەستکەوتە سیاسیەکانە.
ئەگەر بۆ هەر شتێك پێوەری خۆی هەبێ .. ئەوا بۆ سیاسەت وەك دەڵێن: پێوەری سیاسەت بە دەستکەوتە.
سەرکردە سیاسیەکانی کوردیش هەر لەو ڕوانگانەوە سەفەری خۆیان ڕێك دەخەن.. پێش یەکگرتنەوەی هەردوو حکومەت سەفەرەکانی پیاوانی سیاسی هەردوو حزب کەئێستا دەسەلاتی حکومیان هەیە بۆ پاراستن و بەرژەوەندی حزبیکانیان بوو.. وەلی ئێستا و لەدوای یەکگرتنەوە لەگەڵ بەرژەوەندی یەکانی خۆیاندا باس و خواستی هاووڵاتیان و چارەنووسی میللەتیش دەکەن.
کە (بارزانی) سەردانی وولاتانی عەرەبی و ئەوروپا دەکات بەناسنامەی کوردی و بە نوێنەرایەتی نەتەوەیی دەڕوات و بە ئارەزووی خۆی جانتا ناپێچێتەوە بەڵکو ئەوەی جانتای پی ئەپێچێتەوە زەروورەتی سیاسی و گەیاندنی کێشەی نەتەوەیی یە.
کە (تاڵەبانی) سەفەر دەکات هەر بە هەمان شێوەو بۆ گەیاندنی داخوازی گەلەکەمانە.
ئەوەی جێگەی قسە بوولە لای خەڵکی لەم یەك دوو ڕۆژەدا ئەوە بوو کە دەیانگووت: تاڵەبانی لە گەڵ کۆسرەت ڕەسول دا بەرەو ئەمریکا چوون بۆ (گەشت و چارەسەر) لە کاتێکدا نێچیرڤان بارزانی بۆ (کێشەی بەشە نەوتی کوردو مادەی 140) بەرەو بەغداد چوو. هەواڵیش لەسەر زبانی (د. محمود عوسمان) هەبوو کەبۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان سەرۆکی هەرێم دەبێت بگاتە بەغداد..
تەفسیری خەڵك وایە کە دەڵێن: کە تاڵەبانی و کۆسرەت ڕەسوڵ دوو سەرکردەی نێو یەکێتی نیشتمانی کوردستانن لەم کاتەدا کە نزیك بوونەوەی جی بەجی کردنی مادەی 140 و تیرۆرستانیش بۆ فەشەل پێکردنی ئەو مادەیە نزیك بوونەتەوە لە کوردستان.. بۆ سەفەری گەشت و چارەسەر دەکەن؟.
لە کاتێکدا کە نێچیرڤان بارزانی لە دانوستانی کێشەکاندایە و سەرۆکی هەرێمیش لە بەرێکەوتندایە بۆ بەغداد بۆ هەمان مەبەستی چارەنووسی کوردستان.
من وەك هاووڵاتیەك دەمەوی بڵێم: خەڵکینە ئەو تەفسیرە مەکەن بەڵکو ڕاستیەکە ئەوەیە کەسەرکردایەتی سیاسی هەردوو حزبی هاوپەیمان بیرڕاو بۆچوونیان پێشتر لەمەڕ ئەو کێشانە تاووتوی کردووە و کارەکانیشیان دابەش کردووە و دەست لە کارو باری وەزیفی یەکتریش وەرنادەن. هەر تەفسیرێکی دیکە بە کەڵکی ئەمرۆی خەبات و کێشەی سیاسی ئێمە نایەت چونکە تەفسیرێکی کۆنەو دووبارە بوونەوەشی لە خزمەتی هیچ کارێکی حزبی و حکومی نابێت. بۆیە نابێت ئەو جیایی یە بکرێت و بڵێن: تاڵەبانی بەرەو ئەمریکا بۆ گەشت دەچی و بارزانی بۆ شەڕی بەشە نەوت و مادەی 140 بەرەو بەغداد دەچی.

varea@maktoob. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.